# ئەڤینی تۆ

هێمن ڕەئووف

شیرنا من
من نازانم  ئەڤینی تۆ
چی بەسەری من هێناوە

لەوکاتەوەی تۆم خۆشدەوێ
ژینم بەجارێ گۆڕاوە

کاتێ سەیری چاوت دەکەم
واهەستدەکەم
وەك بێهۆشی شەقامەکان
بەمەستی بەناو ژیاندا
گوزەر دەکەم

یان کاتێك قسەت بۆدەکەم
بەجۆرێك مناڵ دەبمەوە
گشت پیتە شیرینەکانی
ناوەکەی تۆ
تێکەڵدەکەم

ئەی نازانم چیبکەم باشە
تا بتوانم
وەک مرۆڤێکی ئاسایی
بۆتبڕوانم

یان چۆن بتوانم نەلەرزم
لەبەر دەمتا
کاتێ وشە پیرۆزەکەی
خۆشەویستی
لەگەڵ ناوە شیرینەکەت
دەدرکێنم

بەڵام دڵنیابە گیانە
ئەوەی تەنها مەبەستمە
وەفاو عیشقە
لەمن دەڕژێ

ئەوەی هەمووی ترس و لەرزە
لەناخەوە هەستو سۆزە
وەک کانییەکی بەهارە
بە بروسکەی نیگاکانت
لەم خاکە ووشکهەڵاتووەی
دڵم دەپژێ ...
11.07.2006